# بەرنامەی تەکنیکی

ئایا حەزدەکەیت بزانیت رۆلی تەکنیکی چی یە لە کۆمەلگا؟
ئایا حەزدەکەیت تەکنیکی و بایەخەکانی هونەریت و زمانەوانیت پێکەوە گری بدەیت؟
ئایا حەزدەکەیت بەدووی کار دا بگەرییت یەکسەر پاش قوتابخانەی دواناوەندی، بەلام هێشتا هەلت هەبیت بەردەوام بیت لەخوێندن؟
ئایا حەزدەکەیت زیاتر بزانیت لەبارەی کاری سەربەست؟
ئایا حەزدەکەیت لە خوێندن لە بواری کاریک کە دواوا تیایدا زۆر گەورەیە لەسەر کارمەندان؟
کەواتە بەرنامەی تەکنیکی لەوانەیە گوونجاو بیت بۆت.

لە بەرنامەی تەکنیکی فێر دەبیت چۆن کارکەیت لەگەڵ گەشەسەندنی تەکنیکی، لە بیرۆکەیەکەوە تا کۆتایی دێت بە بەرهەم یان خزمەت. لیرەدا فێری شیوەو بازارکردن دەبێت، و بیرکردنەوە لە چۆنیەتی کاریگەری جیاوازی بەرهەمهاتووەکان لەسەر ژینگەو خەلک. لەبەر ئەوەی تەکنیک زیاتر پێش دەکەوێت هەروەها زۆر گرنگە بیربکەینەوە بۆچی پێویست مان بەم هەموو تەکنیکە نویانەدەبیت – وە بۆ چی مەبەستیک پێویستمان پێ یەتی.

## کار کردن یان بەردەوام بوون لە خوێندن

بەرنامەی تەکنیکی دەکرێت خۆشبکری. ئەگەر قوتابی یەکان ویستیان بەرنامەی تەکنیکی قۆناغیکی ئامادەکردن بیت بۆ خوێندنەکان لەپەیمانگای بالا و زانکۆ، ئەوا ئەمە دەکریت. ئەگەر قوتابی یەکان جگە لەمەویستیان بەرنامەکە قۆناغیکی ئامادەکاری بیت بۆ کارکردن یەکسەر پاش قوتابخانەی دواناوەندی، هەروەها ئەوا ئەمەش ئەکریت.

ئەگەر بەردەوامی لە خوێندنت هەلبژارد ئەکری بەردەوام بیت لە پەیمانگای خوێندنی بالا یان زانکۆ یان پەیمانگای تەکنیکی بالا. بۆ نموونە دەتوانی ببێت بە تەکنیکی فرۆکە یان تەکنیکی مەنزومەی ترۆمبیل. ئەگەر خوێندنی بەرنامەی تەکنیکیت هەلبژارد بە تایبەتی بەرەو تەواوی لەوانەیە بتوانی بەردەوام بیت لەخوێندن لە پەیمانگا تەکنیکی بالاکان.

## ئەو کارانەی کە دەتوانی بەدەستی بێنی

لیرەدا کارمەندایتی هەیە کە یەکسەر پاش تەواوبوونت لە بەرنامە تەکنیکی یەکە بەدوویدا بگەرییت. بۆ نموونە دەتوانی کەلوپەل بفرۆشیت یان یارمەتی کریار بدەیت لە کۆگایەکی تایبەت بە فرۆشتنی مەوادی تەکنیکی. و هەروەها دەتوانی کاربکەیت لە بواری پێشەسازی بەرهەم هێنان.

## ناوەرۆکی بەرنامە

بەرنامە تەکنیکی یەکە پێکدیت لە چەندین خولی خوێندن. هەندێک لەم خولانەی خوێندن بەزۆرە بۆهەموو قوتابیان لە قوتابخانەکانی دواناوەندی. لەکاتێکدا خولەکانی تر تایبەتە بە بەرنامەی تەکنیکی. و هەندێک خولیش بەخۆت هەلیدەبژێریت.

ئەم بەرنامەیە بواری تایبەتی نیشتمانی نی یە. لەجیاتی ئەوە قوتابخانە هەلی دۆزینەوەی بواری تایبەتیت بەخۆی بۆ دەرەخسینی. نموونەی ئەم بوارە تایبەتی یانە شێوەسازی، وتەکنیکی زانیاری، تەکنیکی تۆرەکان، تەکنیکی بیناسازی، تەکنیک و پرۆژەی پێشەسازی، وتەکنیکی بەرهەم هێنان، ژینگەو دروستکردنی کۆمەلگا، پەیوەندی یەکان، ئەلیکترۆنیات وتەکنیکی زیندوو.

لەوانەیە ئەو بوارە تایبەتمەندانە کە سەرنجت رادەکێشی لەشوێنی  نیشتەجیبوونت نەبی پرسیار لە بکە لە سەرپەرشتیاری خوێندن و هەڵەبژاردەکانی پیشەیی لە بوارە تایبەتی یەکانی و لە چی شوێنیک لەوولات کە مرۆڤ دەتوانێت لی بخوێنیت، ئەوسا هەلی وەرگرتنت بۆ خوێندن بۆ رێکدەکەوی بەهەرحال.

**پەیوەندی بە ژیانی پراکتیکی**
بەرنامەی تەکنیکی مەشق ناگرێتەوە لەشوێنی کار (APU). بەلام سەرەرا دەتوانرێت پیشەیەک تاقیبکرێتەوە لەکاتی خوێندن لە قۆناغی دواناوەندی. قوتابخانە هەلدەستی بە هاوکاری لەگەڵ کۆمپانیای جیاواز و شوێنی کارکردن بە ئامادەکردنی شوێنی مەشق پێکردن بۆت لەوناوچەیەی کە نیشتەجیی مەشق کردن لە شوێنی کارکردن ئامرازێکیی باشە یارمەتیت دەدات بتوانی پەیوەندی ببەستی کە ئەتوانی بەکاری بهینی کاتی پێشکەش کردن بۆ کارمەندایەتی لەپاشان. ئەگەر ئەتەوێت هەلسی بە مەشق کردن لەشوێنیکی کارکردن لە وولاتیکی تر جگە لە سوید دەکرێت ئەوە ریک بخرێت.

**ئایندە و هەلی کارکردن**
هەلی باشت هەیە بۆ دەستکەوتنی کار پاش خوێندنەکەت لە بەرنامەی تەکنیکی، و بەتایبەتی ئەگەر بەردەوامی خوێندنت هەلبژارد لە زانکۆ یان پەیمانگای بالا. ژمارەی دەرچووانی قوتابخانەکانی تەکنیکی زۆرکەمن، کۆمپانیاکان لەهەموو رووی جیهان پێویست یان بە کەسانی خاوەن شارەزایی تەکنیکی هەیە.